www.kurdistannet.org
12/07/2003 03:23

# شۆڕشە بەتاڵەکانی باشوری کوردستان (بۆ مەلا بەختیار)

**کوردی**

زۆر جار ڕەخنە گیراوە لە سەرکردەکانی کورد کە بۆچی داوای وولاتێکی سەربەخۆ ناکەن، من زۆر جار بەرگریم لە سەرکردەکان کردووە ووتوومە ئەمە تەکتیکێی سیاسیە چونکە کورد دوژمنی زۆری هەیە. بەلام قسەکانی مەلا بەختیار کە لە ڕۆژی ٧ ی ئەم مانگە کردی بە تەواوی دەریخست کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە هیچ شێوەیەک نە بە تەمامی ڕاگەیاندنی دەولەتی کوردیە وە نەهەنگاویشی بۆ ئەنێت نە ئێستا و نە لەدوارۆژیش.

بۆیە مەلا بەختیار ڕوو بە ڕووی چەند پرسیارێک ئەبێتەوە.

دەبێ بەرێز مەلا بەختیار ڕوونی بکاتەوە ئایا شۆرشی کورد لەبەر چی درووست بوو؟ هۆکارەکانی سەرهەلدانی شۆرش و خەباتی چەکداری لە پێناوی چی بوو؟ ئایا دەست درێژی دووژمن و وێرانکردنی لادێ و شار و سووتانی هەزارەهان کێلگە و شەهید بوونی نیو ملیۆن کورد لەبەر چی بوو؟ ئایا ئەگەر کورد شۆرشی نەکردبا ئێمە چ کێشەیکمان لەگەل سەدام ئەبوو؟ ئایا ئەگەر هەر هەمووومان چەپلەمان بۆ سەدام لێدابا بۆچی مالی کورد وێران ئەبوو. ئایا سەدام و حوکمەتەکەی پێشی ئەویش چ زیانێکی بۆ کورد ئەبوو ئەگەر کورد شۆرشی نەکردبا. تورکمان و کلدانی و ئاشوری و نەتەوەکانی تر چ کێشەیەکیان لەگەل حوکمەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراق هەبوو. ئەگەر ئێمەش شۆرشمان نەکردبا سەدام کێی لە ئێمە ئەکوشت. سەدام حوسێن ئەگەر چی عەرەب بوو بەلام عێراق چیەتی ئەکرد پێش عەرەب چیەتی باشترین بەلگەش ئەوەیە کە کورد و مسیحی لە دارو دەستەکەی داهەبوو. لە هەموو ووتارەکانی زیاتر بەلای عێراق دا ئەچوو وە زیاتر بەلای عێراقی کۆنیش نەوەک عێراقی نوێ. ئەگەر ئێمەش عێراق چیەتیمان بکردبا ئەوا بێگومان پەنجەیەکی کورد بە خوێن دانەئەهات. ئایا شورشی کورد لەسەردەمی سەدام دەستی پێ کردووە یان پێش سەدامیش کورد شۆرشی هەر کردووە؟ وە بۆچی شۆرشی کردووە؟ ئایا کورد لە دژی سیستەمی عێراق شۆرشی کردووە یاخود بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟ دەبێ ئێمەی کورد ئەو ڕاستەیە بزانین کە کێشەمان لەگەل هیچ سستەمێکی عێراق و هیچ سەرۆکێکی عێراق نییە بەلکو ئێمە کێشەمان لەگەل خودی عێراقە نەوەک سەرۆکی عێراق.

ئەگەر مەلا بەختیار هێندە لە مێژوو لێزانە ئەبێ ئەوەش بزانێ مێژوو دووبارە ئەبێتەوە واتە حوکمەتێکی تر نایەت لە عێراق باشتر بێت لە سەدام. تەنها بەو مەرجە نەبێ ئەگەر کورد داوای جیابوونەوە نەکات. کەوا بوو پێشتریش ئێمە کێشەمان نەئەبوو ئەگەر هەر ئەوە داواکاری ئێمە بوایە. کەوا بوو پێش شۆرشی ئەیلول ئەبوایە سەرۆک مەلا مستەفا درکی بەوە بکردبا و شۆرشی نەکردبا.

(لەگەل ئەو پەری ڕێزم بۆ مەلای مستەفای نەمر)

ئایا ئەگەر کورد شۆرشی لە **١٩٦١**دەست پێ نەکردبا بۆچی سەدان هەزار کورد ئەبوو بە قوربانی ئەم شۆرشە. ئەگەر ئەم شۆرشە هەلنەگریسا با بۆچی شەری هەشت سالەی ئێران و عێراق هەلئەگریسا. ئەگەر یەکێکتی نیشتیمانی کوردستان کە داتاشراوی شۆرشی ئەیلول بوو ئەگەر ئەم شۆرشە نەبوایە بۆچی ئەنفال و کیمیا باران ڕووی ئەدا. تەنانەت کێشەی کۆێتیش هەر ئەگەرێتەوە بۆ کێشەی کورد، ئەگەر عێراق لەم شەرانە ئابوری دانەتەپیبایە ئەوا سەدام کوێت یشی داگیر نەئەکرد. ئیتر هەموو کێشەکان ئەگەرێتەوە بۆ کورد و شۆرشی کورد.

(ئەگەر چی کێشەکان لە بنچینەدا هەلقولاوی سەرچاوەکانی ئەمریکا و سۆڤیتەت بووە بەلام شۆرشی کورد وەسیلەیەک بووە بۆ بەدیهێنانی ئەمانجەکانی ئەمریکا ئەگەر کورد شۆرشی نەکردبا ئەوا دەست تێوەردانی دەرەوەش لە ناو عێراق پوچەل ئەبوو، وەکو ئێستا کە ئەیانەوێ لەناو چوارچێوەی عێراق

بژین ئەوا پێش ٥٠ سال ئێمە هەر بە هەمان شێوە بە هێمنی ئەژیاین لەناو عێراق کەسیش نە ئەبوو بە قوربانی)

ئەگەر سەرکردەکانی کورد و حیزبیەکانی باشور ئەمە سەرچاوی شۆرشیان بێت و عێراق چیەتی بکەن کەوا بوو هەموو ئەم شۆرشانە بەتال بوون و شۆرشی داهاتووش کە لەمانە سەرچاوە بگرێت بێگومان ئەویش هەر باتالە. ئەو شۆرشانە کە هەموو بەتال بوو لە پێناوی هیچ (نیو میلیۆن کورد و پێنج هەزار گوند و شەری عێراق و ئێران کە زیاتر لە دوو ملیۆن کوژرا) ئەو هەموو قوربانیانە لە پێناوی چی بوو، لە پێناوی شۆرشێکی بەتال کە ئامانجەکەی عێراق چیەتی بێت.

ئەگەر عێراق چیەتی بەرنامەی داهاتووی یەکێتی و پارتی بێت ئەوا ئەبێ پێش هەموو شتێک داوای لێبووردن لەسەرجەم شەهیدانی کوردستان و عێراق و ئێران هەروەها لە سەدامیش بکەن. چونکە شۆرشی کورد سەدامی زیاتر درندەکرد. سەدام پارێزگاری لە یەکبوونی عێراق ئەکرد. سەدام ئەو سەدامە بوو کە نەی ئەهێشت عێراق لەت بکرێت. ئەگەر سەدام بیزانیبا ئەم عێراق چیەتی یەی ئێوە لەناخی دەروونی شۆرشی ئێویە ئەوا بێگومان رۆژێ لە رۆژان کوردیکی ئازار نەئەدا. ئەگەر بیزانیبا کورد عێراق لەت ناکات بۆچی بەر ئەبوو لەگیانی خەلک.

وە هەرکاتێک کە پێشمەرگە خوێنی رشتووە بۆ کوردستان لە پێناوی حوکمی زاتی و فیدرالی نەبووە. پێشمەرگە بۆ ئامانجی بە دیهێنانی دەولەتی سەربەخۆ خۆی کردوە بە قوربانی بەلام ئیمرۆ رەنج و خوێنیان بە فیرۆ ئەرۆات خوێنیان بۆ عێراقێکی عەرەبی رۆیشت.

باشترین هەل بۆ دامەزاردنی دەولەتی کوردی

زۆر جار شۆرشی کورد گەیشتۆتە لووتکەی رزگاری بەلام هیچ کاتێک لەسەر ئاستی جیهان نەبووە، وە هیچ کاتێک پشتیوانی کورد بەم شێوەیە نەبووە، ئێمرۆ دوو زل هێزێ جیهان بوونەتە پشتی کورد وە ئەوانیش بە پشتی کورد لە ناوچەی عێراق ماونەتەوە. هەقی خۆیەتی کورد خۆی یەک لای بکاتەوە لەگەل ئەمریکا و بەریتانیا ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی لە دەولەتی کورد ئەکات با بمینێتەوە لە کوردستان ئەگەر پشتیوانیشی لێ ناکات بوونی ئەمریکا و بەریتانیا چیە لە کوردستان.

ئێستا باشترین هەلە بۆ کورد چونکە ئەمریکاش ئیشی بە کوردە.

بەلام لە دوارۆژا ئەگەر حوکمەتێکی سەر بە ئەمریکا دابمەزرێ و عێراق هێمەن ببێتەوە ئەوا ئەمریکا و بەریتانیا لەگەل حوکمەتی ناوەندی عێراق رێکەوتن نامەیەیی خۆیان ئەکەن و بە هیچ شێوەیەک ئیشیان بە کورد نامینێ. بۆیە هەتا زووە با فریای خۆمان بکەوین لەوەتەی ئیمپراتۆریەتی مادەکان رووخاووە هەلی وا بۆ کورد نەرەخساوە، ئەگەر ئەمەش لەدەست بدەین ئەوا بە هیچ شێوەیەک تروسکای دەولەتەی کوردی لە باشور نامینێ.

ئەگەر ئیمرۆ کورد، داوای دەولەتی سەربەخۆ بکات بۆ کوردستان ئەوا هیچ هێزێک ناتوانێ بەرەنگاری کورد بێتەوە، نە تورکیا و نە ئێران ناتوانن هێرش بکەنە سەر کوردستان چونکە بوونی ئەمریکا پشتێنێکە بۆ کورد بەلام لە دوارۆژا ئەگەر ئەمریکا هێزەکەی لە عێراق بکشێنێتەوە وە رێکەوتن نامەی سیاسی و بازرگانی لەگەل حوکمەتی ناوەندی بکات بە هیچ شێوەیەک بەرگری کردن لە کورد نامینێ. ئەو کاتە ئەبێ بە ناچاری لە ناو عێراق بە تەواوی بتوێنەوە بەمەش چارەنووسێکی رەش بۆ کورد تومار ئەکرێ. کورد ئەتوانێ هەل لە ناتەواوی و نا ئاسایشی عێراق وەربگرێت. ئایا لەو بروایەن ئەگەر ئێستا کورد داوای سەربەخویی بکات عەرەبێک لە بەسرەوە بێت و هێرش بکات بۆ سەر کوردستان، ئێستا هیچ سوپایەکی یەکگرتوو نییە لە عێراق، بەلام لە دوارۆژا سوپایەکی یەکگرتوو لە عێراق

دائەمەزرێ کە پر چەکی قورس بێت، وە هێرش کردن بۆ سەر کوردستان شتێکی زۆر ئاسایی ئەبێ، ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ عێراق دەولەتێکی عەرەبی یە کە لەناو ٢٢ دەولەتی عەربی دایە، هەرکاتێک عێراق کێشەی لەگەڵ کورد هەبێ ئەوا لایەن گیری ٢١ دەولەتی ئەبێ، بەلام ئێستا هیچ لەم وولاتانە ناتوانێ بێتە ناو عێراق و شەر لەگەڵ کوردستان بکات.

ئابوری کوردستان

یەکێک لە بنەماکانی پتەوکردنی دەولەت ئابوریە. بێگومان مەلا بەختیار تیشکێی خستە سەر بەرگری و خۆراگرتن. ئێمە نابێ هەر بڕوانینە جوگرافیای باشوری کوردستان و بلێین کوردستان داخراوە. ئەگەر کوردستان چواردەوریشی داخراو بێت ئەتوانێ خۆی بژێنێت بە مەرجێک داواکاریەکەی لە یوئێن بچەسپێ. ئەو کاتە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا ئەکەونە بەرژەوەندی خۆیان ئەگەر دەروازەیەک بۆ کورد نەکەنەوە ئەوا بێگومان بەشی باشوریش رزگاری ئەبێ وە هەتا ڕزگاریشی ئەبێ باشوری کوردستان ئەتوانێ خۆی بژێنێت بە کوشتوکال، ئەگەر وەک سەردەمێکی سەد ساڵ لەمەوبەر بژین زۆر باشترە کە سەر بە عێراقێکی مۆدێرن بین. وە ئەگەر بێتە سەر بەرگری کردن ئەوا جیهان رێگای ئەوە نادات وولاتێکی وەکو تورکیا بە تۆپ و تەیارە بێت کوردستان بۆمبادی بکات وە ئەگەر ئەوش بکات ئەوا ئەو هێزە کوردیەی کە لە ئەوروپایە کاریگەرێکی تەواوی ئەبێ لەسەر جوڵاندنی جیهان و تێکشکاندنی داگیرکەران. بێگومان تورکیا بە دەردی سەدام ئەرۆات هەروەک چۆن سەدام کوێتی گرت عێراقی لە دەستدا ئەوا تورکیاش ئەگەر دەست درێژی بکات بێگومان هەر هەمان مێژوو دووپات ئەبێتەوە و بەشی باکوریش هەر بەم شێوەیە ڕزگاری ئەبێ. وە ئەگەر کوردستان ببێت بە دەولەت و جیابێتەوە وە عێراق و وولاتە عەرەبیەکان شەر بە کوردستان بفرۆشن بێگومان ئەم کاتە ئیسرائیل ئەبێ بە دۆستی کورد.

با یەکگرین و نەترسین یەک هەنگاوە یان سەر ئەکەوین و ئەبین بە وولاتێکی سەربەخۆ یاخود تێک ئەشکێن بەمەش هەر ئەچینەوە ژێر باری عێراق کە وەک ئێوە ئاماژەی بۆ ئەکەن.

ئێمە زیاتر لە جەزائیریەکان شەهیدمان داوە بەلام نەوێراوین باسی سەربەخویی بکەین. فەلەستینیەکان شۆرش ئەکەن بە بێ ترس داوای دەولەت و دەرکردنی جولەکە ئەکەن کەچی ئێمە نە ئەتوانین عەربێک لە کەرکوک دەرکەین نە ئەوێرین باسی دەولەت بکەین.

با بۆ مێژوو بنووسرێ باشوری کوردستان قوربانیەکی زۆری دا بۆ سەربەخۆیی نەوەک بنوسرێ کوردستانی باشور شۆرشێکی بەتالی کردووە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.